# من حەسوودم

نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن



رسی: قاسم کەریمی    لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی



# من حەسودم



نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن

بۆ فارسی: قاسم کەریمی

لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنج

کاتێک حەسوودی بە یەکێک دەبەم، وەکو دێوێکی دڕندەم لێ دێت، دێوێک کە لە داخدا هەڵدەلەرزێت و گینگڵ دەدات.



وەکو سەگێکم لێ دێت کە چاوی بە بینینی پشیلەکەی خاوەن خانووەکەدا هەڵنایەت.



هەرکاتێک حەسوودی
دامدەگرێت، بە مۆنییەوە
لە ژوورەکەمدا دادەنیشم.



لەگەڵ کەسیشدا قسەناکەم.

وێنەیەک دەکێشم و پاشان کۆمەڵێک خەتی بەسەردا دەهێنم.



زۆر شت هەن وام لێ دەکەن هەست بە حەسوودی بکەم. کاتێک خوشکە بچۆلەکەم تاتی تاتی دەکات و دایک و باوکم بایەخ بە من نادەن...


هەست بە حەسوودی دەکەم.





چەند وریایە!

کاتێک دەبینم کوڕەکەی دراوسێمان پاسکیلێکی تازەی هەیە..

هەست بە حەسوودی دەکەم.



پاسکیلەکەی خۆشم گەرچی تازە نییە، بەڵام خێرا دەڕوات.



کاتێک لەگەڵ براکەمدا یاریدەکەم و ئەو دەیباتەوە
هەست بە حەسوودی دەکەم.




ڕۆژێک دەبێت لێی بەرمەوە.

که لە ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی خوشکەکەمدا،
دیاریی زۆری بۆ دەهێنن.


هەست بە حەسوودی دەکەم.



بەڵام مانگێک و بیست و پێنج ڕۆژی تر
دیاری بۆ منیش دەهێنن.



کاتێک مامۆستاکەمان کەسێکی تر هەڵدەبژێرێت
تا خۆراک بە ماسییەکان بدات.
هەست بە حەسوودی دەکەم.



بەڵام منیش بۆ ناساندنی کتێبە تازەکانی کتێبخانەکەمان هەڵدەبژێرێت. من زیاتر حەزم لەم جۆرە کارانەیە.



کاتێک براکەم لەگەڵ دایە گەورەو بابە گەورەدا دەڕوات
تا چەند ڕۆژێک لای ئەوان بمێنێتەوە..
هەست بە حەسوودی دەکەم.



بەڵام دایکم دەهێڵێت هاوڕێیەکم بهێنمەوە بۆماڵی خۆمان.
دەزانم کاتێکی خۆش پێکەوە بەسەردەبەین.




کاتێک هەست بە حەسودی دەکەم، ئەگەر ئەوەم بێتەوە یاد
کە خۆشم کۆمەڵێک شتی باشم هەیە، ئیتر ئارام دەبمەوە.




ئەگەر پێم خۆش بێت هاوڕێکانم خۆشحاڵبن،
خۆشم هەست بە ئارامی دەکەم.




گوێ لە قسەکانی باپیرە دەگرم، ئەو دەزانێت من دەڵێم چی.



ئینجا بیر لە شتە خۆشەکانی ڕۆژانی دواتر دەکەمەوە.






بۆ نموونە، کاتێک بە شتەکانمەوە خۆم بادەدەم.


یان پۆز لێدەدەم کە چەند باش مەلەدەکەم.





جارێکی تر، ئەگەر هەستت بە حەسوودی کرد، بیر لەوە بکەرەوەکە لەوانەیە منداڵانی تریش حەسوودی بە تۆ بەرن. دڵت بە شتەکانی خۆت خۆش بێت و حەسوودی فڕێبدەرە ناو تەنەکەی خۆڵەوە.





٧
هەستەکانی تۆ
من چەوساوەم
نووسینی: برایان مۆزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی


٨
هەستەکانی تۆ
من بێتاقەتم
نووسینی: برایان مۆزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی


٩
هەستەکانی تۆ
من ترسنۆکم
نووسینی: برایان مۆزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی


١٠
هەستەکانی تۆ
من توڕەم
نووسینی: برایان مۆزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی


١١
هەستەکانی تۆ
من حەسوودم
نووسینی: برایان مۆزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی


١٢
هەستەکانی تۆ
من کەمئەندامم
نووسینی: برایان مۆزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی